# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆكی ئەكادیمیای كوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

پ.د. كاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس كاكل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر كەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژكاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاكین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا

م. ی. تریفە موحسین ئەحمەد
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان/
زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Treefa.ahmed@su.edu.krd

پ. د. عەبدوڵا حسێن ڕەسووڵ
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان/
زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
abdulla.raswl@su.edu.krd

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا دەمکاتەکان لە ڕووی دۆخی نەرێ لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی باس کراون و بەراورد کراون، کۆی یاسا و ڕێسای دەمکاتەکان لەم ڕووەوە لەگەڵ پێکهاتە و گۆڕانکارییەکانیان خراونەتە بەر باس و شی کراونەتەوە. هەوڵ دراوە لە سێ بەشدا تیشک بخرێتە سەر ئەم بابەتە، لە بەشی یەکەمدا: هەوڵ دراوە دەمکاتەکانی زمانی کوردی و دۆخی نەرێی هەر دەمکاتێک بە جیا لە ڕووی چەمک و پێناسەوە بخرێنە ڕوو، هەروەها هەریەکەیان بە جیا ڕوون بکرێنەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی دۆخی نەرێ ڕوو دەدەن دەربخرێن، هەروەها هەوڵ دراوە ئەم پێکهاتانە هەموویان ڕوون بکرێنەوە و هەریەکەیان بە جیا لە خشتەی تایبەتدا بخرێنە ڕوو. لە بەشی دووەمدا: هەوڵ دراوە هەموو دەمکاتەکانی باس بکرێن و هەریەکەیان بە جیا ڕوون بکرێنەوە و بە نموونەی پێویست و خشتەی تایبەت دەربخرێن، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانە بخرێنە ڕوو کە لە ئەنجامی نەرێکردنی ڕستەکان لە ڕووی دەمکاتەکانەوە دروست دەبن. لە بەشی سێیەمدا: هەوڵ دراوە دەمکاتەکانی هەردوو زمانەکە بەراورد بکرێن، ئەو هاوبەشی و لایەنە لێکچووانەی لە نێوانیان بەدی دەکرێ؛ باس بکرێن و دواتر لایەنە جیاوازەکانی ئەم لایەنانە لە نێوان دەمکاتەکانی هەردوو زمانەکە شی بکرێنەوە. لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک کۆتایی بە باسەکە هێنراوە.

کلیلەوشەکان: نەرێ، دەمکاتەکان، مۆرفیمی نەرێ، مۆرفیمەکانی کات، ئەلۆمۆرفەکانی نەرێ

## پێشەکی

لەم توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی "دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا"یە، لە سەر ڕێبازی وەسفیی شیکاریی بەراوردییە، تیشک خراوەتە سەر باسکردنێکی کورتی بابەتی نەرێ لە زاری کوردیی ناوەندی و زمانی ئینگلیزیدا، دەمکاتەکانی هەردوو زمانەکە لە ڕووی نەرێکردنی ڕستەکانیاندا بەراورد کراون. توێژینەوەکە دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی کراوە، لە بەشی یەکەمدا: دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە زمانی کوردیدا خراونەتە ڕوو، هەروەها ئەو گۆڕانکاری و وردەکارییانەی کە لە ئەنجامی نەرێکردنی ڕستەکان دێنە ئارا، بە تایبەتی لە ڕووی دەمکاتەوە خراونەتە ڕوو. لە بەشی دووەمدا: باس لە دۆخی نەرێ لە دەمکاتەکانی زمانی ئینگلیزیدا کراوە. ئەو دەمکاتانەی لە ڕستە نەرێکاندا بەدی دەکرێن. هەریەکێک لە دەمکاتەکان جگە لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەیان لەو جۆرە ڕستانەدا، هەوڵ دراوە بە خشتەی تایبەت و ڕوون و ئاشکرا شێوازی بەکارهێنان و لایەنی ڕێزمانی و دەرکەوتنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کاریان بخرێنە ڕوو. لە بەشی سێیەمدا: لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی دەمکاتەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ڕووی نەرێوە بەراورد و باس کراون، چونکە گۆڕانکارییەکان وردەکارییەکانی دەمکاتەکانیش دەگرێتەوە، مۆرفیمەکانی نەرێ و ڕەگی کار و مۆرفیمەکانی کات و شوێنی ڕاناوەکان لەم بەشەدا باس دەکرێن و لە هەردوو زمانەکەدا بەراورد دەکرێن.

## بەشی یەکەم: دۆخی نەرێکردن لە دەمکاتەکانی زمانی کوردیدا

دابەشکردن و پۆلێنکردنی کاتی ڕوودانی کارەکان لە ڕێزماندا پێی دەوترێ دەمکات (Tense). دەمکات "بێژەیەکە لە ڕێزماندا بەکار دێ بۆ وەسفکردنی کارەکان، بە زۆری ئاماژەکردنە بە شێوەی هێما ڕێزمانییەکانی کات کە تیایدا ڕوودانی کارەکە نیشان دەدا" (Crystal. 2003. 459.)، واتە "ئەو شێوەیەیە کاتی کارەکە دەگەیەنێت" (البعلبكي، ٢٠٠٧، ٩٥٨).

دۆخی نەرێکردن[1] یان ناکردن (negation)، یەکێکە لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ڕووکارەوە و لە پاڵ هەواڵگەیاندن و پرسیاری و فەرماندان و داخوازیدا ئەرکی ڕستە دەردەخەن. دۆخی نەرێ بابەتێکی گرنگی ناو ڕێسای دارشتنی دەمکاتەکان دەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی لە کاتی قسەکردندا ئەرکەکانی تری ڕستە چەند بەکار دێن، بە هەمان شێوە ئەم لایەنەش لە ڕووی دەرکەوتنەوە هیچی لەوانی تر کەمتر نییە. دۆخی نەرێ، یاخود چەمکی نەرێ، بریتییە لە وشەیەک یان دەستەواژەیەک کە ڕەتکردنەوە و ناڕازیبوون دەگەیەنێت. دۆخی نەرێ واتای ڕوونەدان و جێبەجێنەکردنی کردارێکە کە لە کەتواردا پێشبینی و چاوەڕێی ئەنجامدانی دەکرێ، واتە "ئەرکێکی واتاسازیی ڕستەیە کە هەواڵی ڕوونەدانی کارێک دەدا کە بڕیار بوو ڕوو بدا" (ئەمین، ٢٠٠٤، ٨٢).

لە زمانی کوردیدا بە هۆی چەند مۆرفیمێکی تایبەتەوە نەرێ دێتە ئاراوە، "هەندێ جار هەڵبژاردنی ئەلۆمۆرف لە ژێر کاری ڕێزماندایە. بۆ نموونە، ناکردن لە کوردیدا بە هۆی یەکێک لەم ئامرازانەی نەرێ دەبێ: (نا، نە، مە) دادەڕێژرێ: 'نا'[2] لەگەڵ ڕانەبردوو دێ و 'نە' لەگەڵ کارەکانی تر و 'مە' لەگەڵ فەرماندا، واتە ڕێژەی کارەکە بڕیار دەدا کام ئەلۆمۆرف هەڵدەبژێرێ" (فەتاح، قادر، ٢٠٠٦، ٢٠). ئەم بابەتە پەیوەستە بە کارەکان و یەکێکە "لەو بابەتە گەردانیانەی کە لە پێکهاتەی کرداری زمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و گیرەکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە" (کەرەمی، ١٣٩٦، ١١٢). سەرەڕای ئەوەی کە لە "ئاوەڵناو"یشدا چەمکی نەرێ بوونی هەیە، وەکوو: (نەخۆش، ناخۆش...)، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەم بابەتەوە دەرخستنی دۆخی نەرێی کارەکانە و لەو چوارچێوەیەشدا ئەو گۆڕانکارییانەی لە کاتی نەرێکردندا دەردەکەون، یاخود لە ناو ڕێسای دارشتنی دەمکاتی ڕستەکاندا چ گۆڕانکارییەک ڕوو دەدات؟

دۆخی ئەرێ و نەرێ دوو چەمکی دژبەری یەکترن، بۆیە هەرگیز بەیەکەوە نایەن، مۆرفیمەکانی نەرێش هەریەکێکیان بە جیا دەردەکەون و لە ڕستەیەکدا (لە سنووری یەک دەمکاتدا) بەیەکەوە دەرناکەون. هەریەکێک لە دەمکاتەکان، بە پێی ڕێسای تایبەتیی خۆیان لە دۆخی نەرێدا، بەرامبەر دۆخی ئەرێی دەمکاتەکان، جیاوازی و

گۆڕانکارییـان تێدا بـەدی دەکـرێ، بۆیـە هەمـوو دەمکاتـەکان لــەم ڕووەوە بـــاس دەکرێـــن و تایبەتمەنـــدی و یاســـاکانیان دەخرێنـــە ڕوو.

### ١ــ دەمکاتەکانی ڕابردوو لە دۆخی نەرێدا

دۆخـی نـەرێ لـە دەمکاتـەکانی ڕابـردوودا بـە پێـی جـۆری دەمکاتەکـە شـێوەی جیـاواز وەردەگـرێ، واتـە بـە پێـی هەریـەك لـە دەمکاتـەکانی ڕابـردوو: (سـادە، بـەردەوام، تـەواو، دوور، خۆزگەیـی) لـە ڕووی دۆخـی نەرێـوە جیـاوازن، ''بـە گشـتی بـۆ ناکـردنی تـاقی ڕابـردوو بـە هەمـوو شـێوەکانیەوە نیشـانەی 'نـە' بـەکار دێ و ڕاسـتەوخۆ یـا ناڕاسـتەوخۆ دەکەوێتـە پێـش ڕەگـی کارە ڕابردووەکـە'' (ڕەسـول، ١٩٩١، ٢٦)، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

### ١-١. دەمکاتی ڕابردووی سادە لە دۆخی نەرێدا

دۆخی نەرێ لەم دەمکاتەدا ئەم شێوە داڕشتنەی هەیە:

١. لە کاری تێنەپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/ی/ت/د/و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن)(کارا)[٣].

شێنێ نەچووø ـــ نەچووø: (نە + چـ + وو + ø).

لەشکر نەشکاø ـــ نەشکاø: (نە + شکـ + ا + ø).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێنەپـەڕ، بـە هـۆی بـوونی پێشـگرەوە جیـاواز دەبـێ، بـۆ نموونـە: (هەڵنەفڕیـن ـــ پێشـگر (هەڵـ) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار (فـڕ) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (یـ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (یـن) (کارا).

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردووی سادە | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەترسام | نە | ترس | ا | م |
| ٢ | نەخزی | نە | خز | ی | ی |
| ٣ | نەخەوت | نە | خەو | ت | ø |
| ٤ | نەمردین | نە | مر | د | ین |
| ٥ | نەچون | نە | چ | و | ن |
| ٦ | نەکەوتن | نە | کەو | ت | ن |

خشتەی ژمارە (١)

دەمکاتی ڕابردووی سادە (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢. لـە کاری تێپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـان، تـان، یـان) (بکـەر) + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/ی/ت/د/و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

شیلان نانەکەی نەبرد. ـــ نەیبرد: (نە + یـ + بر + د + ø).

ئێـوە ئێمەتـان نەگـرت. ـــ نەتانگرتیـن: (نـە + تانـ + گـر + تـ + یـن).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نموونـە: (هەڵتاننەخسـتن ـــ پێشـگر (هەڵـ) + ڕانـاوی خـاوەنی (تانـ) (بکـەر) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار(خسـ) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (تـ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن) (بـەرکار).

| ژ | نەرێی دە. دەمکاتی ڕابوردووی سادە | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمگرتم | نە | مـ | گر | تـ | م |
| ٢ | نەیترساندن | نە | یـ | ترساند | د | ن |
| ٣ | نەیاننوسین | نە | یانـ | نوس | یـ | ن |
| ٤ | نەتانکوشت | نە | تانـ | کوشـ | تـ | ø |
| ٥ | نەیانهێنام | نە | یانـ | هێنـ | ا | م |
| ٦ | نەتانبرد | نە | تانـ | بر | د | ø |

خشتەی ژمارە (٢)

دەمکاتی ڕابردووی سادە (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

### ٢-١. دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام لە دۆخی نەرێدا

دۆخـــی نـــەرێ لـــە دەمـــکاتی ڕابـــردووی بەردەوامـــدا، بـــەم شـــێوەیە:

١ــ لـە کاری تێنەپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ (نـە) + مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا د/ئـ (ە) + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (کارا).

گۆشـتەکە نەدەبـرژاø ـــ نەدەبـرژاø: (نـە + دە + بـرژ + ا + ø).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێنەپـەڕدا، بـۆ نموونـە: (هەڵنەدەفڕیـن ـــ پێشـگر (هەڵـ) + م. نـەرێ (نـە) + مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا (د/ئـ ) (ە) + ڕەگـی کار (فـڕ) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (یـ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن).

| ژ | نەرێی دە. دەمکاتی ڕابوردووی بەردەوام | مۆرفیمی نەرێ | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەدەسوتام | نە | د/ ئ ە | سوت | ا | م |
| ٢ | نەدەڕۆیشتی | نە | د/ ئ ە | ڕۆیش | ت | ی |
| ٣ | نەدەخەوت | نە | د/ ئ ە | خەو | ت | Ø |
| ٤ | نەدەچوین | نە | د/ ئ ە | چ | و | ین |
| ٥ | نەدەخزین | نە | د/ ئ ە | خز | ی | ن |
| ٦ | نەدەمردن | نە | د/ ئ ە | مر | د | ن |

خشتەی ژمارە (٣)

دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ـ لـە کاری تێپـەڕدا: مۆڕفیمـی نـەرێ + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـان، تـان، یـان) (بکـەر) + مۆڕفیمـی کاتی ئێسـتا (د/ ئـ) (ە) + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/ی/ت/د/و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، Ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

تـۆ ئێمـەت نەدەبـرد ــــ نەتدەبردیـن: (نـە + تـ + دە + بـر + د + یـن).

ئێمـە تۆمـان نەدەبـرد ــــ نەماندەبـردی: (نـە + مانـ + دە + بـر + د + ی).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نموونـە: (هەڵتاننەدەخسـتن ــــ پێشـگر (هەڵـ) + ڕانـاوی خاوەنیـی (تانـ) + م. نـەرێ (نە) + مۆڕفیمی کاتی ئێسـتا (د/ئـ) (ە) + ڕەگـی کار (خسـ) + مۆڕفیمی کاتی ڕابـردوو (تـ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن). واتـە لـەم دەمکاتـەدا، لـە دۆخـی نـەرێ (ڕانـاوی لـکاو، بـەرکار بـە مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردووەوە دەلکـێ و ڕانـاوی لـکاو، بکـەر بـە پێشـگری وشەسـازییەوە دەلکـێ، ڕایدەگـرت - ڕاینەدەگـرت) (خۆشـناو، ٢٠٠٨، ١٦٣).

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردووی بەردەوام | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەیانئەکرتم | نە | یان | د/ ئ ە | کر | ت | م |
| ٢ | نەتئەبردین | نە | ت | د/ ئ ە | بر | د | ین |
| ٣ | نەیئەخوارد | نە | ی | د/ ئ ە | خوار | د | Ø |
| ٤ | نەمانئەدوڕین | نە | مان | د/ ئ ە | دوڕ | ی | ن |
| ٥ | نەتانئەڕوخاندین | نە | تان | د/ ئ ە | ڕوخان | د | ین |
| ٦ | نەمئەهێنای | نە | م | د/ ئ ە | هێن | ا | ی |

خشتەی ژمارە (٤)

دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**١-٣. دەمکاتی ڕابردووی دوور لە دۆخی نەرێدا**

دەمکاتی ڕابردووی دوور لە دۆخی نەرێدا، بەم شێوەیە:

١. لـە کاری تێنەپـەڕدا: مۆڕفیمـی نـەرێ + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕەگـی "بـوون" + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (کارا).

منداڵـەکان نەنووسـتبوون ــــ نەنووسـتبوون: (نـە + نـووس + ت + بـ + و + ن).

خانـووەکان نەڕووخابـوون ــــ نەڕووخابـوون: (نـە + ڕووخـ + ا + بـ + وو + ن).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێنەپـەڕدا، بـۆ نموونـە: (هەڵنەفڕیبـوون ــــ پێشـگر(هەڵ) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار(فـڕ) + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (یـ) + ڕەگـی "بـوون" + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن).

| ژ | نەرێی دە. دەمکاتی ڕابوردووی دوور | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕەگی کار (ب) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەچووبووم | نە | چ | و | ب | و | م |
| ٢ | نەهاتبووی | نە | ها | ت | ب | و | ی |
| ٣ | نەسوتابوو | نە | سوت | ا | ب | و | Ø |
| ٤ | نەنوستبووین | نە | نوس | ت | ب | و | ین |
| ٥ | نەمردبوون | نە | مر | د | ب | و | ن |
| ٦ | نەوەڕیبوون | نە | وەڕ | ی | ب | و | ن |

خشتەی ژمارە (٥)

دەمکاتی ڕابردووی دوور (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ـ لـە کاری تێپـەڕدا: مۆڕفیمـی نـەرێ + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـان، تـان، یـان) (بکـەر) + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕەگـی "بـوون" + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، Ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

شـنە داڕشـتنەکەی نەنووسـیبووø ــــ نەینووسـیبووø: (نـە + یـ + نووسـ + یـ + بـ + و + ø).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕ، بـۆ نموونـە: (هەڵتاننەخسـتبوو ø ــــ پێشـگر (هەڵـ) + ڕانـاوی خـاوەنی (تانـ)، م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار (خسـ) + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (تـ) + ڕەگـی "بـوون" + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ø). لـە کاری تێپـەڕی دەمـکاتی دووردا، "لـە ڕسـتەی ئـەرێ و نەرێـدا، کۆمەڵـەی 'B' ڕۆڵـی بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ دەگێـڕێ و بـە کاری یاریـدەدەری 'بـوو'ەوە دەلکـێ. کۆمەڵـەی 'A'یـش ڕۆڵـی بکـەر دەگێـڕێ و بـە پێشـگری وشەسـازییەوە دەلکـێ. ڕایگرتبـوو - ڕاینەگرتبـوو" (خۆشـناو، ٢٠٠٨، ١٦٤).

| ژ | نەرێی دە. ڕابردووی دوور | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | ڕەگی کار (بوو) | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (و) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمانگرتبوو | نە | مان | گر | تـ | بـ | و | ø |
| ٢ | نەیانکوشتبووم | نە | یان | کوش | تـ | بـ | و | م |
| ٣ | نەتانبردبوو | نە | تان | بر | د | بـ | و | ø |
| ٤ | نەتنووسیبوون | نە | ت | نووس | یـ | بـ | و | ن |
| ٥ | نەیگریاندبوو | نە | ی | گریان | د | بـ | و | ø |
| ٦ | نەمهێنابووی | نە | م | هێن | ا | بـ | و | ی |

خشتەی ژمارە (٦)

دەمکاتی ڕابردووی دوور (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**١-٤. دەمکاتی ڕابردووی تەواو لە دۆخی نەرێدا**

نەرێکردن لە دەمکاتی ڕابردووی تەواودا بەم شێوەیە:

١. لە کاری تێنەپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/ø) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (کارا).

ڤاری دوو ڕۆژە نەنووستووەø ← نەنووستووەø: (نە + نووس + تـ + وو + ە + ø).

ژنەکە هێشتا منداڵی نەبووەø ← نەبووەø: (نە + بـ + و + و + ە + ø).

شاندەکە تا ئێستا نەچووەø بۆ بەغدا ← نەچووەø: (نە + چـ + و + و + ە + ø).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: (هەڵنەفڕیوەø ← پێشگر(هەڵ) + م. نەرێ (نە) + ڕەگی کار (فڕ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (یـ) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø).

| ژ | نەرێ دە. ڕابردووی تەواو | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەچووم | نە | چ | و | و | ø | م |
| ٢ | نەهاتووی | نە | ها | تـ | و | ø | ی |
| ٣ | نەنووستووە | نە | نووس | تـ | و | ە | ø |
| ٤ | نەمردووین | نە | مر | د | و | ø | ین |
| ٥ | نەسووتاون | نە | سووت | ا | و | ø | ن |
| ٦ | نەوەریون | نە | وەر | یـ | و | ø | ن |

خشتەی ژمارە (٧)

دەمکاتی ڕابردووی تەواو (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ـ لە کاری تێپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) (بکەر) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە/ø) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (کارا).

تۆ گوڵەکانت نەهێناون ← نەتهێناون: (نە + تـ + هێنـ + ا + و + ø + ن).

ئەوان گوڵیان نەهێناوەø ← نەیانهێناوەø: (نە + یانـ + هێنـ + ا + و + ە + ø).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێپەڕدا، بۆ نموونە: (هەڵتاننەخستوون ← پێشگر (هەڵ) + ڕاناوی خاوەنی (تان) + م. نەرێ (نە) + ڕەگی کار (خسـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (تـ) + مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ø) + ڕاناوی ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن).

| ژ | نەرێی دە. ڕابردووی تەواو | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو | مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو(و) | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمهێناون | نە | م | هێن | ا | و | ø | ن |
| ٢ | نەتکریوە | نە | تـ | کر | یـ | و | ە | ø |
| ٣ | نەمانبردووە | نە | مان | بر | د | و | ە | ø |
| ٤ | نەیانگرتوون | نە | یان | گر | تـ | و | ø | ن |
| ٥ | نەتانپساندوون | نە | تان | پسان | د | و | ø | ن |
| ٦ | نەتکوشتوین | نە | تـ | کوش | تـ | و | ø | ین |

خشتەی ژمارە (٨)

دەمکاتی ڕابردووی دوور (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**١-٥. دەمکاتی ڕابردووی ئاسایی خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا**

نەرێی دەمکاتی ڕابردووی ئاسایی خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

١ـ لە کاری تێنەپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (کارا).

خۆزگە نەچووبام بۆ ئاهەنگەکە ← نەچووبایـن: (نە + چـ + و + بـ + ا + م).

بریا نەکەوتبان ← نەکەوتبان: (نە + کەو + تـ + بـ + ا + ن).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: (هەڵنەفڕیبا ø ← پێشگر (هەڵ) + م. نەرێ (نە) + ڕەگی کار (فڕ)+ مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (یـ) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø).

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردووی ئاسایی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەسوتابام | نە | سوتـ | ا | بـ | ا | م |
| ٢ | نەچوبایین | نە | چ | و | بـ | ا | ین |
| ٣ | نەهاتبای | نە | ها | تـ | بـ | ا | ی |
| ٤ | نەڕۆیشتبان | نە | ڕۆیشـ | تـ | بـ | ا | ن |
| ٥ | نەوەڕیبا | نە | وەڕ | یـ | بـ | ا | Ø |
| ٦ | نەمردبان | نە | مر | د | بـ | ا | ن |

خشتەی ژمارە (٩)

دەمکاتی ڕابردووی ئاسایی خۆزگەیی (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ـ لە کاری تێپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) (بکەر) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) (بەرکار).

خۆزگە زەوییەکەت نەکێڵاباø ← نەتکێڵاباø: (نە + تـ + کێڵـ + ا + بـ + ا + ø).

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێپەڕدا، بۆ نموونە: (هەڵتنەخستبان ← پێشگر (هەڵـ) + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) (بکەر) + م. نەرێ (نە) + ڕەگی کار (خسـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + مۆرفیمی ئارایی (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، Ø، ین، ن، ن) (بەرکار).

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردووی ئاسایی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | مۆرفیمی ئارایی (بـ) | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (ا) | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەمناردبان | نە | م | نار | د | بـ | ا | ن |
| ٢ | نەتکێڵابا | نە | ت | کێڵ | ا | بـ | ا | Ø |
| ٣ | نەیانگرتبای | نە | یان | گر | تـ | بـ | ا | ی |
| ٤ | نەتانناسیبان | نە | تان | ناس | یـ | بـ | ا | ن |
| ٥ | نەیکڕیبایین | نە | ی | کڕ | یـ | بـ | ا | ین |
| ٦ | نەیانفرۆشتبا | نە | یان | فرۆشـ | تـ | بـ | ا | Ø |

خشتەی ژمارە (١٠)

دەمکاتی ڕابردووی ئاسایی خۆزگەیی (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**١-٦. دەمکاتی ڕابردووی تەواوی خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا**

نەرێی دەمکاتی ڕابردووی تەواوی خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

١ـ لە کاری تێنەپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (کارا) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ناوبڕی "یـ" + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە).

خۆزگە نەچووینایە بۆ دەزگاکە ← نەچووینایە: (نە + چـ + و+ ینـ + ا + یـ + ە).

لە هەندێ شێوەی ئاخاوتندا ئامرازی "با" کە پێک دێ لە "بـ"ی ڕەگی بوون و "ا"ی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو، دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردووی کارەکە و شێوەی داڕشتنی بەم شێوەیە دەگۆڕێت:

مۆرفیمی نەرێ + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕەگی "بوون" + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (کارا) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ناوبڕی "یـ" + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە).

خۆزگە نەچووبابینایە بۆ دەزگاکە ← نەچووبابینایە: (نە + چـ + وو + بـ + ا + ینـ + ا + یـ + ە).

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێنەپەڕدا، بەم شێوەیە: (هەڵنەفڕینایە ← پێشگر (هەڵـ) + م. نەرێ (نە) + ڕەگی کار (فـڕ) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (کارا) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ناوبڕی "یـ" + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە).

| ژ | نەرێی دە. ڕابوردووی تەواوی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (ا) | ناوبڕ (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەسوتامایە | نە | سوتـ | ا | مـ | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەچوینایە | نە | چ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەهاتیایە | نە | ها | تـ | یـ | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەڕۆیشتنایە | نە | ڕۆیشـ | تـ | نـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەوەڕییایە | نە | وەڕ | یـ | Ø | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەمردنایە | نە | مر | د | نـ | ا | یـ | ە |

خشتەی ژمارە (١١)

دەمکاتی ڕابوردوی تەواوی خۆزگەیی (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ـ لە کاری تێپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) (بکەر) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ناوبڕی "یـ" + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)(بەرکار).

خۆزگە کەسانی دووڕووم نەناسیایە. نەناسیایە: (نە + مـ + ناسـ + یـ + نـ + ا + یـ + ە).

لەگەڵ کاری دارێژراوی تێپەڕدا، بۆ نموونە: (هەڵتنەگرتنایە ← پێشگر (هەڵـ) + ڕاناوی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان،

یـان) (بکـەر) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار (گـر) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ناوبـڕی ''یــ'' + مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا( ە).

| ژ | ئەرێی دەم. ڕابوردووی تەواوی خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەتگرتمایە | نە | تـ | گر | تـ | م | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەیانخوێندایە | نە | یانـ | خوێنـ | د | ø | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەمناسییایە | نە | مـ | ناسـ | یـ | ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەیانکریتایە | نە | یانـ | کر | یـ | تـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەمانوسیتایە | نە | مانـ | نوسـ | یـ | ت | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەتانکوشتینایە | نە | تانـ | کوشـ | تـ | ینـ | ا | یـ | ە |

خشتەی ژمارە (١٢)

دەمکاتی ڕابردووی تەواوی خۆزگەیی (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**١-٧. دەمکاتی ڕابردووی دووری خۆزگەیی لە دۆخی نەرێدا**

نەرێی دەمکاتی ڕابردووی دووری خۆزگەیی، بەم شێوەیە:

١ــ لــە کاری تێنەپــەڕدا: مۆرفیمــی نــەرێ + ڕەگــی کار + مۆرفیمــی کاتی ڕابــردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕەگــی ''بــوون'' + مۆرفیمــی ڕابــردوو (و) + ڕانــاوی لــکاوی ڕێککەوتــن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ناوبـڕی ''یــ'' + مۆرفیمــی کاتی ئێســتا (ە).

خۆزگـە ڕۆژی نەهاتبووایـە بـۆ زانکـۆ ـــ نەهاتبووایـە: (نـە + هـا + تـ + بـ + و + ø + ا + یـ + ە).

لەگــەڵ کاری داڕێــژراوی تێنەپــەڕدا، بــەم شــێوەیە: (هەڵنەفڕیبووایــە ـــ پێشــگر + مۆرفیمــی نــەرێ + ڕەگــی کار + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (یـ) + ڕەگـی ''بـوون'' + مۆرفیمـی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن) + مۆرفیمـی کاتی ڕابــردوو (ا) + ناوبــڕی ''یــ'' + مۆرفیمــی کاتی ئێســتا (ە).

| ژ | ئەرێی دەم. ڕابوردووی دووری خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕەگی بون (یـ) | مۆرفیمی ڕابوردوو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەسوتابومایە | نە | سوتـ | ا | یـ | و | م | ا | یـ | ە |
| ٢ | نەچوبوینایە | نە | چـ | و | یـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| ٣ | نەهاتبوایە | نە | ها | تـ | یـ | و | ø | ا | یـ | ە |
| ٤ | نەڕۆیشتبونایە | نە | ڕۆیشـ | تـ | یـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| ٥ | نەوەڕیبوایە | نە | وەڕ | یـ | یـ | و | ø | ا | یـ | ە |
| ٦ | نەمردبونایە | نە | مر | د | یـ | و | نـ | ا | یـ | ە |

خشتەی ژمارە (١٣)

دەمکاتی ڕابردووی دووری خۆزگەیی (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢. لـە کاری تێپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـان، تـان، یـان) + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا/یـ/تـ/د/و) + ڕەگــی ''بــوون'' + مۆرفیمــی ڕابــردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) + مۆرفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ناوبـڕی ''یـ'' + مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا (ە).

خۆزگـە ئـەو خانووەتـان نەکڕیبووایـە ـــ نەتانکڕیبووایە: (نـە + تانـ + کڕ + یـ + بـ + و + ø + ا + یـ + ە).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نموونـە: هەڵتنەگرتبوونایـە ـــ پێشـگر (هـەڵ) + ڕانـاوی خـاوەنی (تـان) + م. نـەرێ (نـە) + ڕەگــی کار (گــر) + مۆرفیمــی کاتی ڕابــردوو (تــ) + ڕەگــی ''بــوون'' + مۆرفیمـی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن) + مۆرفیمــی کاتی ڕابــردوو (ا) + ناوبــڕی ''یــ'' + مۆرفیمــی کاتی ئێســتا (ە).

| ئەرێی دەم. ڕابوردووی دووری خۆزگەیی | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی (ڕابوردوو(و) | ڕاناوی ڕێککەوتن | مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (ا) | ناوبڕی (یـ) | مۆرفیمی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەتگرتبوینایە | نە | تـ | گر | تـ | یـ | و | ینـ | ا | یـ | ە |
| نەیانخوێندبوایە | نە | یانـ | خوێنـ | د | یـ | و | ø | ا | یـ | ە |
| نەتانناسیبونایە | نە | تانـ | ناسـ | یـ | یـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| نەیانکریبوایە | نە | یانـ | کر | یـ | یـ | و | ø | ا | یـ | ە |
| نەینوسیبونایە | نە | یـ | نوسـ | یـ | یـ | و | نـ | ا | یـ | ە |
| نەتانکوشتبومایە | نە | تانـ | کوشـ | تـ | یـ | و | مـ | ا | یـ | ە |

خشتەی ژمارە (١٤)

دەمکاتی ڕابردووی دووری خۆزگەیی (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**٢ــ دەمــکاتی ئێستا/ڕسـتەی هەواڵـدانی کاتی ئێسـتا لـە دۆخـی نەرێــدا**

دەمــکاتی ئێستا/ڕســتەی هەواڵــدانی کاتی ئێســتا لــە دۆخــی نەرێــدا، بــە زیادکــردنی ''نی'' دروســت دەبێــت و ''هــەردەم دەکەوێتــە پێــش کاتی ئێســتای چاوگــی 'هەبــوون' و وشــەی پێـش خـۆی نـەرێ دەکا'' (ڕەسـووڵ، ١٩٩١، ٢٤). بـەم شـێوەیە:

ئەو کورد نییە ـــ نییە: (نیـ + ø + ە + ø)[٤].

ئەوان کورد نین ـــ نین: (نیـ + ø + ø + ن).

| ژ | ئەرێی دەم. ئێستا | فرێزی ناوی | مۆرفیمی نەرێ (نی) | ڕەگی (بون) | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردنیم | کورد | نی | ø | ø | م |
| ٢ | جوانی | جوان | نی | ø | ø | ی |
| ٣ | پیاونییە | پیاو | نیـ | ø | ناوبڕ(یـ) + ە | ø |
| ٤ | ئازانین | ئازا | نی | ø | ø | ین |
| ٥ | ژیرنین | ژیر | نی | ø | ø | ن |
| ٦ | مەردنین | مەرد | نی | ø | ø | ن |

خشتەی ژمارە (١٥)

دەمکاتی ئێستا لە دۆخی نەرێدا

**٣ــ فەرماندان لە دۆخی نەرێدا**

١ــ لـە کاری تێنەپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ (مـە) + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا (ە) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (کـەسی دووەمـی تـاک (ø)، کـەسی دووەمـی کـۆ (ن)). لەگـەڵ کاری فەرماندانـدا، مۆرفیمـی نـەرێ (مـە) بـەکار دێ و شـوێنی "بــ"ی مۆرفیمـی فەرمانـدان دەگرێتـەوە.

ئێـوە لـە ژێـر پلیکانەکـە مەخـەون. مەخـەون: (مـە + خـەو + ø + ن).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێنەپـەڕدا، بـەم شـێوەیە: هەڵمەفـڕە ← پێشـگر (هـەڵ) + م. نـەرێ (مـە) + ڕەگـی کار (فـڕ)+ مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا (ە) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ڕانـاوی لـکاوی کـەسی دووەمـی تـاک (ø).

| ژ | نەرێی دە. فەرماندان | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەخەوە | مە | خەو | ە | Ø |
| ٢ | مەنوون | مە | نو | Ø | ن |

خشتەی ژمارە (١٦)

فەرماندان (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ــ لـە کاری تێپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ (مـە) + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ی، مـان، یـان) + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا (ە) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (کـەسی دوەمـی تـاک (ø)، کـەسی دووەمـی کـۆ(ن).

ئێـوە قوماشـەکان مەکـڕن ← مەیانکـڕن: (مـە + یانـ + کـڕ+ ø + ن).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نموونـە: هەڵیانمەگـرن ← پێشـگر (هـەڵ) + ڕانـاوی خـاوەنی (یـان) + م. نـەرێ (مـە) + ڕەگـی کار (گر) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ø) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ڕانـاوی کـەسی دووەمـی کـۆ (ن). لێـرەدا مۆرفیمـی نـەرێ دەچێتـە دوای پێشـگر و ڕانـاوە خاوەنییەکـە، نـەک لـە سـەرەتا بـێ، بـە هـۆی هەبـوونی پێشـگر بـەم شـێوەیە دەردەکەوێـت.

| ژ | نەرێی دەفەرماندان | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی ئێستا | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەینوسە | مە | ی | نوس | ە | Ø |
| ٢ | مەیانبڕن | مە | یان | بڕ | Ø | ن |
| ٣ | مەیکرە | مە | ی | کر | ە | Ø |
| ٤ | مەیانکوژن | مە | یان | کوژ | Ø | ن |

خشتەی ژمارە (١٧)

فەرماندان (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**٤ــ دەمکاتی ڕانەبردوو لە دۆخی نەرێدا**

نەرێی دەمکاتی ڕانەبردوو، بەم شێوەیە:

١ــ لـە کاری تێنەپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ (نـا)[٦] + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی داهاتـوو (ێ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن).

ئەوان ناخنکێن ← ناخنکێن: (نا + خنک + ێـ + ø + ن).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێنەپـەڕدا، بـەم شـێوەیە: هەڵنافـڕێ ← پێشـگر (هـەڵ) + م. نـەرێ (نـا) + ڕەگـی کار (فـڕ) + مۆرفیمـی کاتی داهاتـوو (ێ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ø).

| ژ | نەرێی دە. ڕانەبوردو | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نارۆم | نا | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | ناچی | نا | چ | Ø | ی |
| ٣ | ناخەوێ | نا | خەو | ێ | Ø |
| ٤ | نامرین | نا | مر | Ø | ین |
| ٥ | ناخنکێن | نا | خنک | ێ | ن |
| ٦ | ناکەون | نا | کەو | Ø | ن |

خشتەی ژمارە (١٨)

دەمکاتی ڕانەبردوو (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢. لـە کاری تێپـەڕدا: مۆرفیمـی نـەرێ (نـا) + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـان، تـان، یـان) + ڕەگـی کار + مۆرفیمـی کاتی داهاتـوو (ێ/ø) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن).

ڕاوکەرەکـە ئاسـکەکان ناگـرێ ← نایانگـرێ: (نـا + یانـ + گـر+ ێـ + ø).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕدا، بـۆ نموونـە: هەڵیناگـرن ← پێشـگر (هـەڵ) + ڕانـاوی خـاوەنی (یـ) + م. نـەرێ (نـا) + ڕەگـی کار (گـر) + مۆرفیمـی کاتی داهاتـوو (ێ) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ø).

مۆرفیمی نەرێ (نا)؛ تەنیا مۆرفیمێکە لە مۆرفیمەکانی نەرێ کە شوێنی مۆرفیمی کات بگرێ، لە دەمەکاتی ڕانەبردوودا ئەم مۆرفیمە دەچێتە شوێنی مۆرفیمی کاتی ئێستا، چونکە لە بنەڕەتدا مۆرفیمی "نە"ی نەرێیە و تێکەڵ بووە لەگەڵ "ە"ی مۆرفیمی کاتی ئێستا کە لە سەرەتای کارە ڕانەبردووەکاندا دێ، واتە: (نە + ە ← نا)، بۆ نموونە: (نە + ەخۆم ← ناخۆم، نە + ەنووسم ← نانووسم...)، لێرەدا دوو بزوێنی هاوشێوە دەکەونە تەنیشت یەکتر و لە هەردووکیان دەم کراوەیە و هەوا بێ بەربەست دێتە دەرەوە، لە ئەنجامدا بە لێکدان (إدغام/diphthong) تێکەڵ دەبن.

دەچم ← ناچم (نە + ە + چـ + ø + م ← ناچم)

دەخۆن ← ناخۆن (نە + ە + خۆ + ø + ن ← ناخۆن)

دەڕۆین ← ناڕۆین (نە + ە + ڕۆ + ø + ین ← ناڕۆین)

| ژ | نەرێی دە. ڕانەبردوو | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتوو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نایبەم | نا | یـ | بە | ø | م |
| ٢ | نادگرم | نا | د | گر | ø | م |
| ٣ | نایانگرێ | نا | یان | گر | ێ | ø |
| ٤ | ناتانگوژین | نا | تان | گوژ | ø | ین |
| ٥ | نایانشوم | نا | یان | شو | ø | م |
| ٦ | نامانبەخشێ | نا | مان | بەخش | ێ | ø |

خشتەی ژمارە (١٩)

دەمکاتی ڕانەبردوو (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

(دە/ئە)[٧] لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی کاتی ئێستایە، "کاتی ڕانەبردوو لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی دوو مۆرفیمی کات، مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) و مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ، ø) دروستەبێ" (ڕەسووڵ، ٢٠١٤، ١٠٨). هەروەها ڕابردووی بەردەوام "لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ە، د، ت، ی، و) دروست بووە" (هەمان سەرچاوە، ١٠٩).

بە شێوەیەکی گشتی "دە" کە لە دەمکاتی ڕانەبردوودا، "لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری ڕستە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە کاری ڕانەبردووی '+ نەرێ' ڕاناوی لکاوی بەرکار دەچێتە سەر مۆرفیمی بەردەوامی یان مۆرفیمی نەرێ پێش ڕەگی کارەکە. من کتێب دەکرم، دەیکرم، نایکرم" (عەلی، ٢٠٢٠، ٦٣). مۆرفیمی کاتی ئێستا، لەگەڵ دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام -نەرێ، مەرجە یەکێک لەم دوو دەنگە "د/ ئـ"ی لەگەڵ دەربکەوێ، چونکە مۆرفیمی نەرێ کۆتاییەکەی بزوێنێکی کورتە و دەکەوێتە تەنیشت مۆرفیمی کاتی ئێستا کە ئەویش بزوێنێکی کورتە، بۆیە ئەگەر دەنگی "د/ئـ" لە پێش مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرنەکەوێ، ئەوا مۆرفیمەکەی کاتی ئێستا دەسووێ و بەمەش کارەکە لە ڕووی دەمکاتەوە لەگەڵ دەمکاتی ڕابردووی سادە هاوتا دەبێت.

**٥ـ دەمکاتی داهاتوو (داخوازی) لە دۆخی نەرێدا**

دەمکاتی داهاتوو (کە داخوازیشی پێ دەوترێ) لە دۆخی نەرێدا، بە هۆی لابردنی "بـ"ی مۆرفیمی ئارایی و دانانی "نە"ی مۆرفیمی نەرێ لە شوێنی مۆرفیمە ئاراییەکە دروست دەبێ، بەم شێوەیە:

١ـ لە کاری تێنەپەڕدا: مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن).

ئەوان نەسووتێی ← نەسووتێی: (نە + سووتـ + ێـ + ی).

"مۆرفیمی 'ێ'ی کاتی داهاتوو، لە چاوگە تێنەپەڕە(ا)ییەکاندا، لە هەموو کەسەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام لە چاوگە تێنەپەڕەکانی تردا مۆرفیمی 'ێ'ی کاتی داهاتوو تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفر (ø)ە" (ڕەسووڵ، ٢٠٢٣، ١٣٠). بەم شێوەیەی خوارەوە:

نەسووتێم: (نە + سووتـ + ێـ + م).

نەچم: (نە + چـ + ø + م).

نەسووتێی: (نە + سووتـ + ێـ + ی).

نەچی: (نە + چـ + ø + ی).

نەسووتێ: (نە + سووتـ + ێ + ø).

نەچێ: (نە + چـ + ێ + ø).

نەسووتێین: (نە + سووتـ + ێـ + ین).

نەچین: (نە + چـ + ø + ین).

نەسووتێن: (نە + سووتـ + ێـ + ن).

نەچن: (نە + چـ + ø + ن).

نەسووتێن: (نە + سووتـ + ێـ + ن).

نەچن: (نە + چـ + ø + ن).

لەگەڵ کاری داڕێژراوی تێنەپەڕ، بەم شێوەیە: هەڵنەفڕێ

ـــ> پێشـــگر (هـــەڵ) + م. نـــەرێ (نـــە) + ڕەگـــی کار (فـــڕ) + مۆڕفیمـــی کاتی داهاتـــوو (ێ) + ڕانـــاوی لـــکاوی ڕێککەوتـــن (ø).

| ژ | نەرێی دە. داهاتو | مۆرفیمی نەرێ | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەڕۆم | نە | ڕۆ | Ø | م |
| ٢ | نەچی | نە | چ | Ø | ی |
| ٣ | نەمرێ | نە | مر | ێ | Ø |
| ٤ | نەجەنگێن | نە | جەنگ | Ø | ین |
| ٥ | نەخنکێن | نە | خنک | ێ | ن |
| ٦ | نەسوتێن | نە | سوت | ێ | ن |

خشتەی ژمارە (٢٠)

دەمکاتی داهاتوو (تێنەپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

٢ـــ لـە کاری تێپـەڕدا: مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕانـاوی خـاوەنی (م، ت، ی، مـــان، تـــان، یـــان) + ڕەگـــی کار + مۆڕفیمـــی کاتی داهاتـــوو (ێ/ ø) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن).

سبەی میـوەکان نەکڕیـن ـــ> نەیانکڕیـن: (نـە + یانـ + کـڕ+ ø + یـن).

لەگـەڵ کاری داڕێـژراوی تێپـەڕ، بـۆ نموونـە: هەڵیاننەگـرێ ـــ> پێشـــگر (هـــەڵ) + ڕانـــاوی خـــاوەنی (یـــان) + م. نـــەرێ (نـــە) + ڕەگـــی کار (گـــر) + مۆڕفیمـــی کاتی داهاتـــوو (ێ) + ڕانـــاوی لـــکاوی ڕێککەوتـــن (ø).

| ژ | نەرێی دە. داهاتو | مۆرفیمی نەرێ | ڕاناوی خاوەنی | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی داهاتو | ڕاناوی ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەیخۆم | نە | یـ | خۆ | Ø | م |
| ٢ | نەیانگری | نە | یانـ | گر | Ø | ی |
| ٣ | نەتنێژێ | نە | تـ | نێژ | ێ | Ø |
| ٤ | نەیکرین | نە | یـ | کر | Ø | ین |
| ٥ | نەیبەزێنن | نە | یـ | بەزێن | Ø | ن |
| ٦ | نەتانکوژن | نە | تانـ | کوژ | Ø | ن |

خشتەی ژمارە (٢١)

دەمکاتی داهاتوو (تێپەڕ) لە دۆخی نەرێدا

**٦ـ ڕستەی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

دۆخـــی بکەرنادیـــار لـــە ڕووی دەمکاتەکانـــەوە ڕابـــردوو و ڕانەبـردوو وەردەگرێـت. بـە شـێوەیەک لـە ڕابـردوودا هەمـوو دەمکاتـەکانی (ڕابـردووی سـادە، ڕابـردووی بـەردەوام، ڕابـردووی تـەواو، ڕابـردووی دوور، ڕابـردووی نزیـکی خۆزگەیـی، ڕابـردووی تـەواوی خۆزگەیـی و ڕابـردووی دووری خۆزگەیـی)، لەگـەڵ ڕانەبـردوو و داهاتـوو دەگرێتـەوە. لێـرەدا دۆخـی نەرێـی ئـەم دەمکاتانـە لـە ڕسـتە بکەرنادیـارەکان دەخرێنـە ڕوو بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

**• دەمکاتی ڕابردووی سادەی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی بکەرنادیـار (ر) + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

نەنـووسران ـــ> مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار (نووسـ) + مۆڕفیمـــی بکەرنادیـــار (ر) + مۆڕفیمـــی کاتی ڕابـــردوو (ا) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن).

**• دەمـــکاتی ڕابـــردووی بەردەوامـــی بکەرنادیـــار لـــە دۆخـــی نەرێـــدا**

مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + مۆڕفیمـی کاتی ئێسـتا (د/ئـ ە) + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی بکەرنادیـار (ر) + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

نەدەنـووسران ـــ> مۆڕفیمـــی نـــەرێ (نـــە) + مۆڕفیمـــی کاتی ئێسـتا (د/ئـ ە) + ڕەگـی کار (نووسـ) + مۆڕفیمـی بکەرنادیـار (ر) + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ن).

**• دەمکاتی ڕابردووی تەواوی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی بکەرنادیـار (ر) + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + مۆڕفیمـی ئاوەڵنـاوی کـراو (و) + مۆڕفیمـی کاتی ئێسـتا (ە) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

نەنـووسراوە ـــ> مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار (نووسـ) + مۆڕفیمـــی بکەرنادیـــار (ر) + مۆڕفیمـــی کاتی ڕابـــردوو (ا) + مۆڕفیمـی ئاوەڵنـاوی کـراو (و) + مۆڕفیمـی کاتی ئێسـتا (ە) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (ø).

**• دەمکاتی ڕابردووی دووری بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار + مۆڕفیمـی بکەرنادیـار + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (ا) + ڕەگـی "بـوون" + مۆڕفیمـی کاتی ڕابـردوو (و) + ڕانـاوی لـکاوی ڕێککەوتـن (م، ی، ø، یـن، ن، ن) (بـەرکار).

نەنووسرابـوو ـــ> مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) + ڕەگـی کار (نووسـ) + مۆڕفیمـــی بکەرنادیـــار (ر) + مۆڕفیمـــی کاتی ڕابـــردوو (ا) +

ڕەگی "بوون" + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø).

• **دەمکاتی ڕابردووی نزیکی خۆزگەیی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + مۆرفیمی ئارایی (ب) + مۆرفیمی "ا" + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (بەرکار).

نەنووسرابا ø ← مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نووس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + مۆرفیمی ئارایی (ب) + مۆرفیمی "ا" + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø) (بەرکار).

• **دەمکاتی ڕابردووی تەواوی خۆزگەیی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + مۆرفیمی ئارایی (ب) + مۆرفیمی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (بەرکار) + مۆرفیمی ڕابردوو (ا) + ناوبڕی "ی" + مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە).

نەنووسرابانیایە ← مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نووس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + مۆرفیمی ئارایی (ب) + مۆرفیمی "ا" + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ین) (بەرکار) + مۆرفیمی ڕابردوو (ا) + ناوبڕ (ی) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە).

یان نەنووسراینایە ← مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نووس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ین) (بەرکار) + مۆرفیمی ڕابردوو (ا) + ناوبڕ (ی) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە).

• **دەمکاتی ڕابردووی دووری خۆزگەیی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕەگی "بوون" + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (بەرکار) + مۆرفیمی "ا" + ناوبڕی "ی" + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە).

نەنووسرابووایە ← مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نووس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (ا) + ڕەگی بوون (ب) + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (و) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø) (بەرکار) + مۆرفیمی "ا" + ناوبڕی "ی" + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە).

• **دەمکاتی ڕانەبردووی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆرفیمی نەرێ (نا) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (بەرکار).

ناووسرێ ← مۆرفیمی نەرێ (نا) + ڕەگی کار (نووس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø) (بەرکار).

• **دەمکاتی داهاتووی بکەرنادیار لە دۆخی نەرێدا**

مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) (بەرکار).

نەنووسرێ ← مۆرفیمی نەرێ (نە) + ڕەگی کار (نووس) + مۆرفیمی بکەرنادیار (ر) + مۆرفیمی کاتی داهاتوو (ێ) + ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن (ø) (بەرکار).

**بەشی دووەم: دەمکاتەکان لە دۆخی نەرێ لە زمانی ئینگلیزیدا**

دۆخی نەرێ، لە زمانی ئینگلیزیدا، وەک هەر زمانێکی تر دەرخەری لایەنی نەرێنیی ڕستە و ڕوونەدانی کردارێک دەگەیەنێ کە پێشبینیی ڕوودانی بکرێت. چەمکی نەرێ لە زمانی ئینگلیزیدا بە هۆی زیادکردنی ئامرازی نەرێ (n't/ not)ەوە دەبێ.

لەم تەوەرەدا هەموو دەمکاتەکان باس دەکرێن کە چۆن هەریەکەیان ئامرازی نەرێ وەردەگرن و لە کاتی نەرێکردنیاندا چ گۆڕانکارییەک لە ڕووی دەمکاتەوە بەسەر ڕستەکاندا دێ، بە تایبەتی شوێنی ئامرازە نەرێکە لە ناو کەوتگەی کارەکە و گونجان و بەیەکەوەهاتنیان لەگەڵ مۆرفیمی کات و کارە یاریدەدەرەکان. لە بەر ئەوەی "دەمکاتەکان سەرچاوەی شوێنی دۆخێکن لە کاتی ڕابردوو، ئێستا یان داهاتوودا،

یان دوو بارودۆخی بەراورد بە یەکترن لە کاتدا کە لە وشەی فەڕەنسی 'temps' (کات)ەوە وەرگیراوە" Miller, 2002, (143)، واتە کەوتگەی بارودۆخی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو و داهاتوو، یان دوو بارودۆخی پەیوەست بە یەکتر لە کاتدا لە دەمکاتەوە سەر هەڵدەدەن، بۆیە لە دۆخی نەرێشدا ئەو دەمکاتانە دیار و دەستنیشان دەکرێن.

**١. کۆمەڵەی دەمکاتە سادەکان**

**١-١ـ ڕانەبردووی سادە (present simple)**

لە زمانی ئینگلیزیدا، لە دەمکاتی ڕانەبردووی سادەدا، سەرەڕای کاری سەرەکیی ڕستەکە، کارێکی یاریدەدەریش دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی دۆخی نەرێ دروست ببێت. واتە بۆ ڕۆنانی ڕستەیەکی نەرێی ڕانەبردوو لە زمانی ئینگلیزیدا، سەرباری کارە سەرەکییەکەی هەمان ڕستە کە لە دۆخی ئەرێدا هەیە، پێویستیمان بە کارێکی تری یاریدەدەر دەبێ، بۆ ئەوەی ئامرازی نەرێکە (n't/not) هەڵبگرێ، وەک لەم ڕێسایەدا خراوەتە ڕوو: بکەر (s) + کاری یاریدەدەر[8] (auxiliary verb) + not + کاری سەرەکیی (main verb) + تەواوکەری ڕستەکە (c.).

I don't drink coffee. من قاوە ناخۆمەوە.

She doesn't wash her hands. ئەو دەستەکانی ناشوات.

تێبینیی ئەوە دەکرێ "s"ی کەسی سێیەمی تاک (he, she, it) کە دەکەوێتە دوای کاری ڕانەبردوو لە دۆخی ئەرێدا، دەگوازرێتەوە و دەچێتە دوای کاری یاریدەدەری "do" و لە کەسی سێیەمی تاکدا دەبێتە "does" (Azar& Hagen, 2012, 69).

They don't get salary. ئەوان مووچە وەرناگرن.

She doesn't drink coffee. ئەو قاوە ناخواتەوە.

| N | subject | do/ does | not/ n't | Main verb | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | do | not/ n't | drink | Coffee |
| ٢ | He, she, it | does | not/ n't | drink | Coffee |

table (1)

present simple tense[9]

**١-٢ـ ڕابردووی سادە (past simple)**

بۆ نەرێکردنی ڕستەی ڕابردووی سادە، پێویستە کاری یاریدەدەری "did"[10] بخرێتە پێش ئامرازی نەرێ (n't/not) و کاری سەرەکیی ڕستەکە کە لە دۆخی ئەرێدا ڕابردووە، بگۆڕێ و بکرێتە ڕانەبردوو، چونکە کارە یاریدەدەرەکە (did) ڕۆڵی دەمکاتی ڕابردووەکەی بینیوە. ڕێسای دروستبوونی بەم شێوەیە: بکەر (s) + کاری یاریدەدەر (did) + "n't/not" + کاری سەرەکی (main verb) + تەواوکەری ڕستە (c.).

We didn't come because it was raining. ئێمە نەهاتین، چونکە باران دەباری.

He didn't play tennis. ئەو یاریی تێنسی نەکرد.

| N | subject | did | not/ n't | Main verb | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, He, she, it, you, we, they | did | not/ n't | come | because it was.... |

table (2)

past simple tense

**١-٣ـ داهاتووی سادە (future simple)**

ڕێسای دروستبوونی ڕستەی نەرێی داهاتووی سادە بەم شێوەیە: بکەر (s) + (will) + not + کاری سەرەکی (main verb) + تەواوکەری ڕستەکە (c.).

Shadan and Rawan won't attend the lodge meeting tomorrow.

شادان و ڕەوان سبەی بەشداریی کۆبوونەوەی کۆشکەکە ناکەن.

She will not visit her parents.

ئەو سەردانی دایک و باوکی ناکات.

| N | subject | will | not | Main verb | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | will | not | attend | the lodge meeting... |

table (3)

future simple tense

**٢. کۆمەڵەی دەمکاتە بەردەوامەکان**

**٢ ـ١ـ ڕانەبردووی بەردەوام (present continuous)**

بۆ بەرهەمهێنان، یان دروستکردنی ڕستەیەکی نەرێی ڕانەبردووی بەردەوام، بە هەمان شێوەی ڕستەیەکی ئەرێی هەمان دەمکات دەبێ، تەنیا جیاوازیی ئەوەیە کە ئامرازی نەرێ (not) دەکەوێتە نێوان کاری یاریدەدەر و کاری سەرەکیی ڕستەکە، واتە "not" دەکەوێتە دوای (is,

are, am). ڕێسـای دروسـتبوونی بـەم شـێوەیە دەبـێ: بکـەر (s) + کاری یاریـدەدەر (auxiliary verb) + not + کاری سـەرەکی (main verb) + (ing) + تەواوکـەری ڕسـتەکە (c.).

The baby isn’t crying out loud.کۆرپەکـە بـە دەنگـی بـەرز ناگریـەت.

I’m not leaving library till I finish my study.مـن کتێبخانـە جـێ ناهێڵـم تـا خوێندنەکـەم تـەواو نەکـەم.

| N | subject | Auxiliary verb | not/ n't | Main verb | -ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I | am | not/ n't | go | ing | home... |
| ٢ | He, she, it | is | not/ n't | go | ing | home... |
| ٣ | you, we, they | are | not/ n't | go | ing | home... |

table (4)

present continuous tense

**٢ـ٢ـ ڕابردووی بەردەوام (past continuous)**

بـۆ دروسـتکردنی ڕسـتەیەکی نەرێـی ڕابـردووی بـەردەوام، بـە هەمـان شـێوەی ڕسـتەیەکی ئەرێـی هەمـان دەمـکات دەبـێ، تەنیـا جیاوازیـی ئەوەیـە کـە ئامـرازی نـەرێ (not) دەکەوێتـە نێـوان کاری یاریـدەدەر و کاری سـەرەکیی ڕسـتەکە، واتـە ”not“ دەکەوێتـە دوای (was, were). ڕێسـای دروسـتبوونی بـەم شـێوەیە دەبێـت: بکـەر (s) + کاری یاریـدەدەر+ not + کاری سـەرەکی (main verb) + (ing) + تەواوکـەری ڕسـتەکە (c.).

They were not working hard.

ئەوان بە جددی کاریان نەدەکرد.

He wasn’t doing his homework last week.

ئەو هەفتەی ڕابردوو ئەرکی ماڵەوەی جێبەجێ نەدەکرد.

| N | subject | Auxiliary verb | not/ n't | Main verb | -ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | were | not/ n't | work | ing | hard |
| ٢ | He, she, it | was | not/ n't | work | ing | hard |

table (5)

past continuous tense

**٢ـ٣ـ داهاتووی بەردەوام (future continuous)**

دەمـکاتی داهاتـووی بـەردەوام لـە دۆخـی نەرێـدا پێویسـتی بـە ئامـرازی نـەرێ (not) دەبـێ و دەکەوێتـە دوای ”will“ و پێـش ”be“، ڕێسـای دروسـتبوونی بـەم شـێوەیە دەبـێ: بکـەر (s) + will + not + be + کاری سـەرەکی (main verb)+ ing + تەواوکـەری ڕسـتەکە (c.).

She won’t be sleeping when you telephone her.

ئەو کاتەی تۆ پەیوەندی دەکەی، ئەو نانوێ.

They won’t be watching the movie this night.

ئەوان ئەمشەو سەیری فیلمەکە ناکەن.

They won’t be winning the game unless they score another goal.

ئەوان لە یارییەکە نابەنەوە تا گۆڵێکی تر تۆمار نەکەن.

| N | subject | will | not | be | Main verb | ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | will | not | be | sleep | ing | when you .... |

table (6)

future continuous tense

**٣ـ کۆمەڵەی دەمکاتە تەواوەکان**

**٣ـ١ـ ڕانەبردووی تەواوی سادە (present perfect simple)**

لـە ڕسـتەی نەرێـی ڕانەبـردووی تـەواوی سـادەدا، ئامـرازی نـەرێ (not) دەکەوێتـە نێـوان ”have“ و کاری سـەرەکیی ڕسـتەکە، واتـە ”not“ دەکەوێتـە دوای ”have/has“ و دوای کارەکـە کـە ”pp.“یـە. ڕێسـای دروسـتبوونی بـەم شـێوەیە: بکـەر (s) + ”have/has“ + not + کاری سـەرەکی (main verb) + تەواوکـەری ڕسـتەکە (c.).

I have written the email, but I haven’t sent yet.

من ئیمێلەکەم نووسیوە، بەڵام هێشتا نەمناردووە.

She hasn’t done her exam.

ئەو تاقیکردنەوەکەی تەواو نەکردووە.

She has made the cake but she hasn’t bake it yet.ئـەو کێکەکـەی دروسـت کـردووە، بـەڵام هێشـتا نەیبرژانـدووە.

| N | subject | had | not/ n't | Main verb (pp.) | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | had | not/ n't | gone | To France |

table (7)

present perfect simple tense

**٣ـ٢ـ ڕابردووی تەواوی سادە (past perfect simple)**

ڕستەی نەرێی ڕابردووی تەواو، ڕێسای دروستبوونی بەم شێوەیە: بکەر (s) + had + not + کاری سەرەکی (pp.) + تەواوکەری ڕستەکە (c.).

My friends hadn't ever gone to France.هاوڕێکانم هەرگیز نەچووبوون بۆ فەڕەنسا.

He hadn't ever eaten pizza. ئەو هەرگیز پیتزای نەخوار دبوو.

We hadn't gone to the museum.ئێمە نەچووبووین بۆ مۆزەخانە.

| N | subject | have | not/ n't | Main verb(pp.) | c. |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | have | not/ n't | sent | yet |
| ٢ | He, she, it | has | not/ n't | sent | yet |

table (8)

past perfect simple tense

**٣ـ ٣ـ داهاتووی تەواو (future perfect)**

دەمکاتی داهاتووی تەواو لە دۆخی نەرێدا پێویستی بە ئامرازی نەرێ (not) دەبێ و دەکەوێتە دوای "will" و پێش "have"، ڕێسای دروستبوونی بەم شێوەیە: بکەر (s) + will + not + have + کاری سەرەکی (pp.)+ تەواوکەری ڕستەکە (c.).

دەشێ لە ژێر کاریگەریی ئابووریی زمان؛ "will" و "not" یەك بگرن و ببن بە "won't".

The kids won't have eaten the food until tomorrow morning

منداڵەکان هەتا سبەی بەیانییەکەی خواردنەکە ناخۆن.

She won't have achieved our aim. ئەو ئامانجەکەی ئێمەی بەدی نەهێنابێ.

| N. | subject | will | not | have | pp. | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | he, she, it, I, you, we, they | will | not | have | achieved | our aim |

table (9)

future perfect simple tense

**٤. ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام (present continuous perfect)**

بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی نەرێی ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام، ئامرازی نەرێ (not) دەچێتە دوای "have/has" و پێش "been". ڕێسای دروستبوونی بەم شێوەیە: بکەر (s) + have/has + not + been + کاری سەرەکی (main verb) + ing + تەواوکەری ڕستەکە (c.).

ئێمە لە سەر ڕووبارە بەستووەکە یاریی خلیسکانێ ناکەین.

We haven't been skating on the frozen river.

Chris hasn't been feeling well recently.

کریس بەم دواییانە باری تەندروستیی باش نییە.

| N | subject | have/has | not/ n't | been | Main verb | -ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they | have | not/ n't | been | Fill | ing | Well recently |
| ٢ | He, she, it | has | not/ n't | been | Fill | ing | well recently |

table (10)

present perfect continuous tense

**٥. ڕابردووی تەواوی بەردەوام (continuous past perfect)**

ڕستەیەکی نەرێی ڕابردووی تەواوی بەردەوام جیاوازیی لەگەڵ ڕستەیەکی نەرێی ڕابردووی تەواوی سادە لەوەدایە کە لە ڕستەی نەرێی ڕابردووی تەواوی بەردەوام "ing" بە کارە سەرەکییەکەوە دەلکێ و "been" دەکەوێتە دوای ئامرازە نەرێکەوە. واتە ڕێسای دروستبوونی بەم شێوەیە: بکەر (s) + had not + been + کاری سەرەکی (main verb) + ing + تەواوکەری ڕستەکە (c.).

They had not been eating. ئەوان نانیان نەدەخوارد.

She hadn't been studying for the exam. ئەو نەیدەخوێند بۆ تاقیکردنەوەکە.

| N | subject | had | not/ n't | been | Main verb | - ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | I, you, we, they, He, she, it | had | not/ n't | been | eat | ing | —— |

table (11)

past perfect continuous tense

**٦. داهاتووی تەواوی بەردەوام (future perfect continuous)**

ڕستەی نەرێی داهاتووی تەواوی بەردەوام بە پترکردنی ئامرازی نەرێ (not) بۆ ڕستەیەکی ئەرێی داهاتووی تەواوی بەردەوام دروست دەبێ کە دەکەوێتە دوای "will" و پێش "have"، پاشان کاری سەرەکی و نیشانەی بەردەوامی "ing" لە دوای دێ. ڕێسای داڕشتنەکەی بەم شێوەیە: بکەر (s) + will + not + have + bee) + کاری سەرەکی (main verb) + ing+ تەواوکەری ڕستەکە (c.).

You won’t have been learning English long enough when you move to Australia.

تۆ خەریکی فێربوونی ئینگلیزی نابیت کە دەچیت بۆ ئوسترالیا.

It won’t have been crushing the cubes.

شەشپاڵووەکە خەریکە وردوخاش نابێ.

| N | subject | will | not | have | been | Main verb | ing | c. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| s | I, you, we, they, He, she, it | will | not | have | been | learn | ing | English long .. |

table (12)

future perfect continuous tense

**بەشی سێیەم: بەراوردکردنی دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا**

هەر چەندە زمانی کوردی و ئینگلیزی سەر بە یەک خێزانی زمانین، بەڵام لە ڕووی پێکهاتە و ڕۆنانی وشەسازی و ڕستەسازی هەندێک جیاوازییان هەیە، لەوەدا کە زمانی کوردی زمانێکی لکاو (Agglutinative language) ە و زمانی ئینگلیزی یەکێکە لە زمانە تەواوە یان شیبووەوەکان (analytical)، بەڵام هەردوو زمانەکە بە تێکچڕژاو (Incorporating language) هەژمار دەکرێن، واتە زمانی کوردی نموونەی لە جۆری لکاو و دابڕاو تێدایە، بەڵام وشەکانی پتر جۆری لکاوە، لە هەمان کاتدا زمانی ئینگلیزییش لە هەردوو جۆرەکە نموونەی بەرچاو لەخۆ دەگرێ، بەڵام پتر بە زمانێکی دابڕاو دادەنرێ، لە بەر ئەوەی زۆرینەی وشەکانی لەو جۆرەن، بۆیە جیاوازیی ڕێزمانی لە نێوانیان بەدی دەکرێ. ئامانج لە بەراوردکردنی دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، دۆزینەوەی هاوبەشی و جیاوازییەکانی نێوانیانە بە شێوەیەک کە "بەراوردکردنی دوو یا چەند زمانێ بۆ پێشاندانی لایەنە جیاواز و لەیەکچووەکانیان بێ ئەوەی گرنگێتی بدرێتە پێوەندیی مێژوویی نێوانیان" (ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٢). بە شێوەیەکی گشتی دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە زمانی کوردی بە هۆی چەند ئەلۆمۆرفێکەوە (نە، نا، ن، مە) دروست دەبن و بە پێی هەریەکێک لە دەمکاتەکان گۆڕانکاری و وردەکاریی تایبەتیان دەبێ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا یەک مۆرفیم (not) بۆ هەموو دەمکاتەکان بەکار دێ و بە پێی دەمکاتەکان لەگەڵ کارە یاریدەدەرەکان بەکار دێت.

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی نەرێ زۆر جار لە سەرەتای کارەکەوە دەردەکەوێ، بە تایبەتی ئەگەر کارەکە سادە بێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیشە و لە هەموو دەمکاتەکاندا دەکەوێتە دوای کاری یاریدەدەر و کارە سەرەکییەکەش لە دوای دێ. مۆرفیمی نەرێ لە زمانی کوردیدا کورت ناکرێتەوە و بە شێوەی ئەلۆمۆرف دەردەکەون، وەکوو: (نەچوو، نەدەچوو، ناچێ، نەچووبا...)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئەلۆمۆرفی نییە و بە یەک شێوە دەردەکەوێت، بەڵام کورت دەکرێتەوە، بە شێوەیەک کە پیتە بزوێنی ناوەڕاست دەسووێ و وێرگوڵێک لە شوێنی بەکار دێت، بەم شێوەیە: not ← n’t، وەکوو: (isn’t, aren’t, wasn’t, weren’t, don’t, doesn’t, didn’t).

هەروەها مۆرفیمی نەرێ لە زمانی کوردیدا بە پێی دەمکاتەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی نەرێ ناگۆڕێ و تەنیا کارە یاریدەدەرەکان و کارە سەرەکییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێ.

**١. دەمکاتی ڕابردووی سادە:** لە دەمکاتی ڕابردووی سادەدا، لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی نەرێ (نە) دەچێتە سەرەتای کارەکە و کەرەستە و مۆرفیمەکانی تر وەکوو خۆیان دەبن و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی نەرێ دەکەوێتە دوای کاری یاریدەدەری "did" و دواتر کارە سەرەکییەکە لە شێوەی گەردانی یەکەمی (واتە چاوگ) دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

ئێمە نەهاتین چونکە باران دەباری.

We didn’t come because it was raining.

**٢. دەمـــکاتی ڕابـــردووی بـــەردەوام:** دەمـــکاتی ڕابـــردووی بـەردەوام لـە زمـانی کوردیـدا، بـە هەمـان شـێوەی ڕابـردووی سـادە، تەنیـا بـە زیادکـردنی مۆڕفیمـی نـەرێ (نـە) لـە پێـش کارە سـەرەکییەکە دروسـت دەبێـت. لـە زمـانی ئینگلیزیـدا لـە ئەنجامـی بەیەکەوەهاتنـی "was/were" لەگـەڵ مۆڕفیمـی نـەرێ و زیادکـردنی "ing-" بـۆ کاری سـەرەکیی ڕسـتەکە دروسـت دەبـێ.

ئەوان بەجددی کاریان نەدەکرد.

They were not working hard.

**٣. دەمـکاتی ڕابـردووی تـەواو:** لـە دەمـکاتی ڕابـردووی تـەواودا، لـە زمـانی کوردیـدا تەنیـا یـەک شـێوەی هەیـە ئەویـش سـادەیە، بـەڵام لـە زمـانی ئینگلیزیـدا؛ (سـادە، بـەردەوام)ی هەیـە. ئـەوەی تێبینـی دەکـرێ دەمـکاتی ڕابـردووی تـەواوی بـەردەوام لـە زمـانی کوردیـدا بەردەسـت نییـە و بـەکار نایـەت. دەمـکاتی ڕابـردووی دوور لـە زمـانی کوردیـدا بەرامبـەر ڕابـردووی تـەواو لـە زمـانی ئینگلیزیـدا دەوەسـتێ.

هاوڕێکانم هەرگیز نەچووبوون بۆ فەڕەنسا.

My friends hadn’t ever gone to France.

وەک دەبیـنرێ لـە زمـانی ئینگلیزیـدا پێویسـتی بـە "had" و مۆڕفیمـی نـەرێ و گـەردانی سـێیەمی کارە.

**٤. دەمکاتـەکانی ڕابـردووی خۆزگەیـی:** ئـەم دەمکاتانـە لـە زمـانی کوردیـدا سـێ جـۆرن (ئاسـایی، تـەواو، دوور)، بـەڵام پـتر بـە یـەک شـێوە بـەکار دێـن و بـەس ڕابـردووی ئاسـایی خۆزگەیـی بـەکار دێ، کـە لەگـەڵ ڕابـردووی تـەواو لـە زمـانی ئینگلیـزی بەرامبـەر دەبـێ.

خۆزگە نانەکەم خواردبا.

I wish I had eaten my bread.

**٥. دەمـکاتی ڕانەبـردوو:** دۆخـی نەرێـی ئـەم دەمکاتـە لـە زمانی کوردیـدا یـەک شـێوەی هەیـە کـە سـادەیە و هـەر چەنـدە لـە هەنـدێ لـە سـەرچاوە کوردییـەکان ڕانەبـردووی تەواویـان دیـار کـردووە، بـەڵام هـەر ڕانەبـردووی سـادەیە و بـە هـۆی ئاوەڵکارەکانـەوە ئـەم جیاکارییـە دروسـت دەبـێ. دەمـکاتی ڕانەبـردووی تـەواو لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرامبـەر ڕابـردووی تـەواوی زمـانی کـوردی دەوەسـتێ، لـە زمـانی ئینگلیزیـدا سـادە و بـەردەوام و تـەواو بوونیـان هەیـە. (do, does) لەگـەڵ مۆڕفیمـی نـەرێ دەردەکـەون بـۆ ئـەم مەبەسـتە:

من زۆر جار قاوە ناخۆمەوە. I don’t often drink coffee.

لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە "بۆ دەربڕینی کاتی ڕوودانی کارێک کە لە دەمی ئاخاوتن بەردەوام بێ، لە ڕێی بەکارهێنانی ئاوەڵکارەکان (ئێستا، وا، ئەوا)ەوە دەردەخرێن" (Abdullah & Salim. 2018, 45).

وا باران دەبارێ. It’s raining.

**٦. دەمـــکاتی داهاتـــوو:** دەمـــکاتی داهاتـــوو لـــە هـــەردوو زمانەکـــەدا ڕۆڵـــی بەرچاویـــان هەیـــە بـــۆ دەرخســـتنی ئـــەو ڕووداوانـەی کـە لـە دوای کاتی ئێسـتا ڕوو دەدەن یـان بڕیارە ڕوو بـدەن، دەمکاتـەکانی داهاتـووی تـەواو و داهاتـووی بـەردەوام لـە زمـانی کوردیـدا بوونیـان نییـە و تەنیا یـەک شـێوە دەمـکاتی داهاتـووی هەیـە کـە هاوتایـە لەگـەڵ مەرجـی و داخـوازی.

ئەو بەیانی بەشداریی کۆبوونەوەکە ناکا.

She won’t attend meeting tomorrow.

ئەگـەر لـەم بارەیـەوە لـە سـەر ئاسـتی ڕسـتەی ئاڵـۆز سـەیری زمـانی کـوردی بکـرێ، دەبیـنرێ کـە دەمـکاتی داهاتـووی بـەردەوام لـە دووتوێـی ڕسـتە ئاڵۆزەکـە بـەدی دەکـرێ، هـەر چەنـدە لـە زمـانی ئینگلیزییـش کۆمەڵـەی دەمـکاتی لێکـدراو زۆربەیـان لـە ڕستە ئاڵـۆزەکان دەردەکـەون نـەک لـە ڕسـتەیەکی سـادەدا، وەکـوو:

She will not be sleeping when you telephone her.

ئەو لە خەودا نییە کاتێ تۆ پەیوەندیی پێوە دەکەی.

هەروەهـا لـە ڕسـتەیەکی وەکـوو: "کاتـێ منداڵەکـە نووسـتووە، ئینجـا تـۆ دەبـێ بخـەوی."، لـە ڕووی کاتـەوە داهاتـووی تـەواو دەگەیەنێـت، چونکـە چەمـکی "تـەواو" (perfect) لـە کاری یەکـەم کـە "نووسـتنی منداڵەکەیـە" بـەدی دەکـرێ، کاری "بخـەوی" دەمـکاتی داهاتـووە.

لـە گوتنـی نەرێـدا لەگـەڵ "be"، مۆڕفیمـی نـەرێ دەکەوێتـە دوای "be'" (Uchiyama, 2006, 48). بـۆ نموونـە:

Norton was not a football player when he was in high school.

نۆرتۆن یاریزانی تۆپێن نەبوو کاتێ لە ئامادەیی بوو.

**٧. فەرماندان**

لـە زمـانی كوردیـدا كارەكان گۆڕانیـان بەسـەردا دێ لـە فەرماندانـدا، بـە شـێوەیەک كـە مۆرفیمـی فەرمانـدان وەردەگـرن و دەكەوێـتە پێـش ڕەگـی كار. بـەڵام لـە زمـانی ئینگلیزیـدا گۆڕانێـكی بەرچـاو ڕوو نـادا، جگـە لـەوەی چاوگـی كارەكـە وەكـوو خـۆی بەبـێ هیـچ زیـادە خستنەسـەرێک ئـەو ڕۆڵـە دەبینـێ. هەروەهـا لـە بـەر ئـەوەی داوای كـردن/ جێبەجێكـردن یـان نەكـردنی كارێـک لـە گوێگـر یـان خوێنـەر دەكات، بۆیـە "دۆخـی نـەرێ لـە شـێوازی فەرمانـدان پێویسـتی بـە 'do' هەیـە، ئەگـەر بـە شـێوەی كاری سـەرەكی یـان ناسـەرەكی بـێ" (Dixon, 2005, 433). وەكـوو:

مەڕۆ ماڵەوە. Don't go home.

لێرە مەمێنەوە. Don't Stay here.

لـە زمانی كوردیـدا چەنـد مۆرفیمێـک لەگـەڵ ڕەگەكـە بەشـداریی پێكهاتنـی دروسـتەی فەرمانـدان دەكـەن، وەكـوو: مۆرفیمـی ئارایـی (فەرمانـدان)، مۆرفیمـی كاتی ئێسـتا، بـەڵام لـە زمـانی ئینگلیزیـدا ڕەگـی كار بـە شـێوەی سـەربەخۆ دەردەكـەوێ و پێویسـتی بـە مۆرفیـم و كەرەسـتەی تـر نییـە بـۆ گەیانـدنی ئـەو مەبەسـتە، واتـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا دوای لابـردنی نیشـانەی چـاوگ (to, ing)، كاری فەرمانـدان دەمێنێتـەوە.

بڕۆ. Go.

كێكەكە بخۆن. Eat the cake.

لـە هـەردوو زمانەكـەدا هێـز و ئـاوازەی ڕسـتەی فەرمانـدان جیـاوازن، بـەڵام لـە زمانـی ئینگلیزیـدا هێـز و ئـاوازە ڕۆڵـی سـەرەكی لـە ئەركـی فەرمانـدانی ڕسـتەدا دەبینـن.

**٨. چەند بەراوردێک**

لـە سـەر ئـەو بنەمایـەی كـە لـە زمـانی كـوردی دەمكاتـەكانی ڕابردوو/ڕانەبـردووی (تـەواوی بـەردەوام) بـوونی نییـە و (تەواو/بـەردەوام) هەریەكەیـان بـە جیـا دەردەكـەون، بـەڵام لـە زمـانی ئینگلیزیـدا جگـە لـەوەی دەمـكات لـە شـێوەی تـەواو بـە جیـا و لـە شـێوەی بـەردەوام بـە جیـا دێـن، بـەڵام هەردووكیـان بەیەكـەوەش لـە سـنووری دەمكاتێكـدا دێـن، واتـە لـە زمـانی كوردیـدا (ڕابـردووی تـەواو، ڕانەبـردووی تـەواو، ڕابـردووی بـەردەوام) لـە پەیـڕەوی دەمكاتەكانـدا هـەن، بـەڵام (ڕابـردووی تـەواوی بـەردەوام، ڕانەبـردووی تـەواوی بـەردەوام، داهاتـووی تـەواوی بـەردەوام) لـە ڕیزبەندیـی دەمكاتەكانیـدا نیـن و لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بوونیـان هەیـە.

لـە ڕسـتەی ئاڵـۆزدا زۆر جـار ئەگـەر پاڕسـتە جیـا بكرێتـەوە و وەكـوو ڕسـتەیەكی سـادەی جیـا سـەیر بكـرێ، لـە ڕووی دەمـكات و ڕوودانـەوە جیاوازیـی تێـدا بـەدی دەكـرێ، بـۆ نموونـە: "ئێـوە هاتـن بـۆ ئاهەنگەكـە" لـە ڕووی دەمكاتـەوە ڕابـردووە و كۆتایـی بـە كارەكـە هاتـووە، بـەڵام لـە ڕسـتەی "كـە هاتـن بـۆ ئاهەنگەكـە مەڕۆنـە ڕیـزی پێشـەوە"، چەمـكی داهاتـووی هەڵگرتـووە و هێشـتا كارەكـە ڕووی نـەداوە، هـەر چەنـدە كارەكـە لـە ڕووی دارشـتنەوە بـە پێـی ڕێسـای دەمـكاتی ڕابـردوو دارێـژراوە. هەروەهـا لـە ڕسـتەی "باخەوانەكـە هـات ø. - The farmer came."، "came" ڕابـردووە، لـە كاتێكـدا شـێوەی كارەكـە لـە "كـە باخەوانەكـە هـات، سـێوەكەی لـێ دەسـتێنم. - when the farmer comes I will get an apple"، ڕوودانەكـەی لـە كەوتگـەی ڕابـردووی پەیوەسـت بـە سـەرچاوەی خاڵـی دامـەزراو لـە كاری سـەرەكیی پاڕسـتە سـەرەكییەكە زیاتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ داهاتـوو نـەک ڕابـردوو" (Ahmad, 2004,151).

لـە زمـانی ئینگلیزیـدا لـە دەمكاتـەكانی (ڕانەبـردووی سـادە، ڕانەبـردووی بـەردەوام، ڕابـردووی بـەردەوام)، كارە یاریـدەدەرەكان ڕاناوەكە/كەسـەكە لـە ڕووی تـاک و كـۆوە دیـار دەكـەن، بـەڵام لـە زمـانی كوردیـدا بـە هـۆی هەبـوونی ڕانـاوە لـكاوەكان لـە زمانەكـەدا، خـودی ڕاناوەكان/كەسـەكان (بكـەر، بـەركار) لـە ڕووی تـاک و كـۆوە دیـار دەكـەن. وەكـوو:

She doesn't play football.

We don't play football.

He isn't watching the movie.

They aren't watching the movie.

He wasn't washing his hands.

We weren't washing our hands.

مـن یـاری ناكـەم. تـۆ یـاری ناكـەی. ئێمـە یـاری ناكەیـن.
ئـەو یـاری نـاكاø. ئێـوە یـاری ناكـەن. ئـەوان یـاری ناكـەن.

بـەڵام لـە زمـانی ئینگلیزیـدا كارە یاریـدەدەرەكانی (did, had) كـە لەگـەڵ دەمكاتـەكانی ڕابـردوو دەردەكـەون و كاری یاریـدەدەری

"will" کە لەگەڵ دەمکاتی داهاتوو دەردەکەوێت، بۆ کەسە تاک و کۆیەکان بە هەمان شێوە دەردەکەون، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| ئەو سەردانی نەکردم. | She didn't visit me. |
| ئەوان سەردانیان نەکردم. | They didn't visit me. |
| ئەو سەردانم بکا. | She will visit me tomorrow. |
| ئەوان سەردانم بکەن. | They will visit me tomorrow. |

لە زمانی کوردیدا کاری سەرەکی لەگەڵ هەموو کەسەکان (تاک و کۆ) هەمان شێوەی دەبێ و کاری یاریدەدەریش وەرناگرن، بەڵکوو ئەوەی کەسەکان لە ڕووی تاک و کۆوە دەردەخات؛ ڕاناوەکانن و ڕاناوە کەسییە سەربەخۆ و لکاوەکان بەیەکەوە ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ.

**ئەنجامەکان:**

١. دۆخی نەرێی دەمکاتەکان لە زمانی کوردیدا بە هۆی چەند ئەلۆمۆرفێکەوە (نە، نا، ن، مە) دروست دەبێ و بە پێی هەریەکێک لە دەمکاتەکان گۆڕانکاری و وردەکاریی تایبەت وەردەگرن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا یەک مۆڕفیم (not) بۆ هەموو دەمکاتەکان بەکار دێ و بە پێی دەمکاتەکان لەگەڵ کارە یاریدەدەرەکان بەکار دێت.

٢. دەمکاتی داهاتوو لە هەردوو زمانەکەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ دەرخستنی ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای کاتی ئێستا ڕوو دەدەن یان بڕیارە ڕوو بدەن، دەمکاتەکانی داهاتووی تەواو و داهاتووی بەردەوام لە زمانی کوردیدا بوونیان نییە و تەنیا یەک شێوە دەمکاتی داهاتوو هەیە کە هاوتایە لەگەڵ مەرجی و داخوازی.

٣. لە زمانی ئینگلیزیدا کارە یاریدەدەرەکانی (did, had) کە لەگەڵ دەمکاتەکانی ڕابردوو دەردەکەون و کاری یاریدەدەری "will" کە لەگەڵ دەمکاتی داهاتوو دەردەکەوێ، بۆ کەسە تاک و کۆیەکان بە هەمان شێوە دەردەکەون. بەڵام لە زمانی کوردیدا کاری سەرەکی لەگەڵ هەموو کەسەکان (تاک و کۆ) هەمان شێوەی دەبێ و کاری یاریدەدەریش وەرناگرن، بەڵکوو ئەوەی کەسەکان لە ڕووی تاک و کۆوە دەردەخات ڕاناوەکانن و ڕاناوە کەسییە سەربەخۆ و لکاوەکان بەیەکەوە ئەو ئەرکە لەئەستۆ دەگرن.

٤. لە دۆخی نەرێ، بە هەمان شێوەی دۆخی ئەرێ، دەمکاتی ڕانەبردوو لە زمانی کوردیدا تەنیا یەک شێوەی هەیە ئەویش سادەیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا؛ (سادە، تەواو، بەردەوام) هەن. ئەوەی تێبینی دەکرێ دەمکاتی ڕانەبردووی تەواوی بەردەوام لە زمانی کوردیدا بەردەست نییە و بەکار نایەت.

٥. لە زمانی کوردیدا مۆڕفیمی نەرێ زۆربەی جار لە سەرەتای کارەکەدا دەردەکەوێ، بە تایبەتی ئەگەر کارەکە سادە بێ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیشە و لە هەموو دەمکاتەکاندا دەکەوێتە دوای کاری یاریدەدەر و کارە سەرەکییەکەش لە دوای دێ.

٦. لە زمانی کوردیدا کاری سەرەکی لەگەڵ هەموو کەسەکان (تاک و کۆ) هەمان شێوەی دەبێ، کاری یاریدەدەریش (تەنیا چەند دەمکاتێک نەبێ)، ئەوانی تر کاری یاریدەدەر وەرناگرن، بەڵکوو ئەوەی کەسەکان لە ڕووی تاک و کۆوە دەردەخات ڕاناوەکانن و ڕاناوە کەسییە سەربەخۆ و لکاوەکان بەیەکەوە ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا کارە یاریدەدەرەکان بە پێی تاک و کۆی کەسەکان لە سنووری کارەکە دەردەکەون، وەکوو: (I; am,) (He, She,) ،(You, We, They; are, were, have) ،(were, have (It; is, was, has وەردەگرن و لە دەمکاتەکانی ڕابردووی تەواویش بۆ هەموو کەسەکان (had) بەکار دێ.

٧. ئەلۆمۆرفەکانی نەرێ لە زمانی کوردیدا کورت ناکرێنەوە و بە شێوەی ئەلۆمۆرف دەردەکەون، وەکوو: (نەچوو، نەدەچوو، ناچێ، نەچووبا...)، لە بەر ئەوەی مۆڕفیمی نەرێ لە زمانی کوردیدا مۆڕفیمێکی بەندە و زۆر جار بە کارەکەوە دەلکێت، بۆیە پێویست بە کورتکردنەوە ناکات. بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆڕفیمی نەرێ؛ ئەلۆمۆرفی نییە و بە یەک شێوە دەردەکەوێ، بەڵام کورت دەکرێتەوە، بە شێوەیەک کە پیتە بزوێنی ناوەڕاست دەسووێ و وێرگولێک لە شوێنەکەی بەکار دێ، بەم شێوەیە: (n't ⟵ not). وەکوو: (isn't, aren't, wasn't, weren't, don't, doesn't, didn't, wont).

## سەرچاوەکان:

١. البعلبكي. منير (٢٠٠٧)، المورد قاموس إنكليزي، عربي، ط٤١، دار العلم للملايين، بيروت.

٢. ئەمین. وریا عومەر (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣. ئەمین. وریا عومەر (٢٠٢٣)، زمانی کوردی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤. دزەیی. عومەر (١٩٨٤)، بەراوردکردنێکی "ڕابردووی تەواو"ی کوردی لەگەڵ "perfect"ی زمانە ئەورووپاییەکاندا، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٤.

٥. خۆشناو. خەسرۆ ئەحمەد (٢٠٠٨)، بەرکار لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦. ڕەسووڵ. عەبدوڵا حسێن (١٩٩١)، ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧. ڕەسووڵ. عەبدوڵا حسێن (٢٠١٤)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨. ڕەسووڵ، عەبدوڵا حسێن (٢٠٢٣). ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٩. عەلی. تاڵیب حسێن (٢٠٢٠)، زانستی زمان و زمانی کوردی (بەشی دووەم)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٠. فەتاح. محەمەد مەعرووف & قادر. سەباح ڕەشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١١. فەرهادی. ساجیدە عەبدوڵا & بەرزنجی. شلێر ڕەسووڵ (٢٠٢٠)، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. کەرەمی. سەعید (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، پەخشانگای زانستگای کوردستان.

١٣. کەلباسی. ئیران، و. خۆشناو. شیروان حسێن (٢٠١٦)، بەراوردی ڕێزمانی نێوان زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

١٤. مووسا. عەبدولوەهاب خالید (٢٠١٠)، ڕێزمانی "بوون و هەبوون" لە کوردیدا، چاپخانەی منارە، هەولێر، چاپی یەکەم.

ئینگلیزییەکان:

.1 Ahmad. Mahmoud Fathulla (2004), The Tense and Aspect system in Kurdish, University of London.

.2 Azar .Betty schrampfer, A. Hagen. Stacy (2012), Basic English Grammar, third edition.

.3 Crystal. David2003) .), A Dictionary of Linguistics & Phonetics. 5th ed. Blackwell Publishing.

.4 Pinkster H. and Dick, S.C. (1996). Aspects of Negation. The Netherlands: Universities van Amsterdam.

.5 Uchiyama. Kent2006) .), English Verb Tenses: An informal reference for ESL students.

.6 Miller. Jim. (2002), an introduction to English syntax, Edinburgh University Press Ltd 22 George Square, Edinburgh.

.7 Dixon. R. M. W. (2005), A Semantic Approach to English Grammar, Second Edition, Oxford University Press Inc., New York.

8. Abdullah. Khalid Ali and Salim. Burhan Qadir, A Comparative Study of Declarative Sentences in English and Kurdish, Journal of Raparin University - Vol.5, No.14, (March 45 (2018.

## پەراوێزەکان:

١. لە زمانی کوردیدا بۆ دۆخی نەرێ چەند زاراوەیەکی تری وەکوو: ناکردن، نەرێتی، نەفی (نەیاندن (نە - یاندن) = (to say no) دژەکەشی: ئایاندن (ئا - یاندن)، (to say yes)) negation (عومەر دزەیی، ١٩٨٤، بەراوردکردنێکی "ڕابردووی تەواو"ی کوردی لەگەڵ "perfect"ی زمانە ئەورووپاییەکاندا، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٢٤، ٨) بەکار دێ. زاراوەی "ناکردن" بەرامبەر "عملية النفي – negation" و "نەرێ" بەرامبەر "نفي – negative" هاتووە.

٢. ئامرازی نەرێی "نا" لە بنەڕەتدا پێک هاتووە لە ئامرازی نەرێی "نە" لەگەڵ "ە"ی مۆرفیمی کاتی ئێستای سەرەتای کاری ڕانەبردوو و لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو بزوێنە کورتەکە (ە + ە) بووەتە بزوێنی درێژ (ا). بۆ نموونە: (نە + ەخۆم ← ناخۆم).

٣. مەبەست لە "کارا"؛ نیهاد یاخود توخمی بەڕێوەبەری کارەکەیە، بکەر بێ، یان بەرکار، چونکە لە کارەکانی تێنەپەڕی بکەری توخمەکە؛ "ئازاد" دەبێتە بکەر، وەک: ئازاد هات، چوو، دانیشت، خەوت، ڕۆیشت، سووڕایەوە... هتد، بەڵام لە کارەکانی تێنەپەڕی بەرکاری توخمەکە؛ "ئازاد" دەبێتە بەرکار، وەک: ئازاد کەوت، مرد، خلیسکا، سووتا، بوو... هتد.

٤. لە زمانی کوردیدا وشەی "نیە" یەک بڕگەیە و پێک هاتووە لە (مۆرفیمی نەرێ (نی) + ڕەگی بوون (ø) + م. کاتی ئێستا (ە) + ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک (ø))، بەڵام هەندێ نووسەر دەیکەن بە دوو بڕگە و دەنووسن "نییە"، بە پاساوی ئەوەی "ی"ی دووەم ناوبڕە لە نێوان "ی"ی یەکەم و بزوێنی "ە".

٥. مۆرفیمی نەرێکردنی ڕانەبردوو (نا) لە بنەڕەتدا مۆرفیمی

"نـە"ی نەرێیـە و تێکەڵبـووە لەگـەڵ "ە"ی مۆرفیمـی کاتـی ئێسـتا کـە لـە سـەرەتای کارە ڕانەبردووەکانـدا دێ، واتـە: (نـە + ە ← نـا)، بـۆ نموونـە: (نـە + ەخـۆم ← ناخـۆم، نـە + ەنووسـم ← نانووسـم...)، چونکـە دوو بزوێنـی هاوشـێوە دەکەونـە تەنشـت یەکـتر و لـە هەردووکیـان دەم کراوەیـە و هـەوا بـێ بەربەسـت دێتـە دەرەوە، لـە ئەنجامـدا بـە لێکـدان (إدغـام - diphthong) تێکـەڵ دەبـن. ئـەم دیاردەیـە لـە هەنـدێ شـێوەزاری وەک "سـۆرانی" لـە کاری ڕابـردووی بەردەوامیـش ڕوو دەدات، وەک: (نـە + ە + م + خـوارد ← نەمخـوارد، نـە + ە + نووسـتم ← نانووسـتم...).

٦. بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری لـە بـارەی هـۆکاری دەرکەوتنـی "ئـ/د" لەگـەڵ مۆرفیمـی کاتی ئێسـتا، بڕوانـە: عەبـدوڵا حسـێن ڕەسـووڵ، ٢٠١٤، مۆرفیمـە ڕێزمانییـەکانی کار، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر، ١٠٩.

٧. لـە نەرێکردنـی کاری ڕانەبـردوودا، کارە یاریدەدەرەکـە بـە پێـی بکـەر هەڵدەبژێـردرێ. بـۆ هەمـوو کەسـەکان تـاک بـن یـان کـۆ، کاری یاریـدەدەری "do" وەردەگـرێ، تەنیـا لـە کەسـی سـێیەمی تاکـدا دەبێتـە "does" و پاشـان ئامـرازی نـەرێ "n't/not"ی دەخرێتـە دوا.

برنج لە کەشی ساردا گەشە ناکات.

Rice doesn't grow in cold climates.

من قاوە ناخۆمەوە.

I don't drink coffee.

٨. C. = complement.

٩. کاری یاریـدەدەری "did" لـە بنەڕەتـدا لـە (do + ed ← did) پێـک هاتـووە، بۆیـە لـە کاتێکدا ڕستەیەکی ڕابـردووی سـادە لـە ئەرێدا دەکرێتـە نـەرێ، ئـەو "ed"یـەی مۆرفیمـی کاتـی ڕابـردوو دەگوازرێتـەوە بـۆ سـەر کارە یاریدەدەرەکـە و کارە سـەرەکییەکە دەگەڕێتـەوە دۆخـی ڕانەبـردوو. بـۆ نموونـە:

He finished his duty. ⟶ He didn't finish his duty.

١٠. لـە بـەر ئـەوەی دەمـکاتی ڕابـردووی تـەواوی بـەردەوام لـە زمـانی کوردیـدا نییـە، بۆیـە ئاخێوەر/خوێنـەری کـورد لـە کاتی وەرگێـڕانی ئـەو ڕسـتانەدا بـۆ زمـانی کـوردی تـووشی ئاسـتەنگ دەبـێ و ڕستەکان کوتومـت واتـای پڕبەپێسـت ناگەیەنـن، بـۆ دەرخسـتنی واتـای تـەواو و کاتی ڕێزمانیـی تـەواوی ڕسـتەکە، بـە ناچـاری پەنـا دەبرێتـە بـەر بەکارهێنـانی هەنـدێ دەربڕیـن و چـاوگ و ئاوەڵکاری تایبـەت بـۆ ئـەو مەبەسـتە. (خەریکـە، خەریـك بـوو...) بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـەکار دەهێنرێـن.

## الملخص

مقارنة النفي في اللأزمنة بين اللغتين الكوردية والإنجليزية

يتناول البحث مناقشة و مقارنة موضوع النفي في الأزمنة بين اللغتين الكوردية والإنجليزية، حيث تركز البحث على مناقشة وتحليل قوانين صياغة الجمل المنفية في هذه الأزمنة في اللغتين و كيفية ترتيب أدوات النفي و مدى تأثيرها على الأفعال الرئيسية والمساعدة في تلك الجمل. و بهدف تغطية كافة جوانب مقارنة النفي في اللغتين، بادرنا الى تقسيم البحث الى ثلاثة فصول. في الفصل الأول: تطرقنا الى عرض الأزمنة في اللغة الكوردية وحالة النفي لكل زمن بشكل منفصل من حيث الترتيب و الصياغة و عرض التغييرات التي تحدث نتيجة تحويل الجمل ال النفي، إضافة الى شرح جميع هذه المكونات تم عرض كل منها على حدة في جدول منفصل. في الفصل الثاني: حاولنا وصف موضوع النفي في أزمنة اللغة الإنجليزية و شرح كل منها على حدة و تقديم الأمثلة اللازمة مع الجداول التوضيحية وكذلك التغيرات التي تنتج عند تحويل صياغة الجمل الى النفي. في الفصل الثالث: تم مقارنة قواعد النفي في أزمنة اللغتين، و مناقشة القواسم المشتركة مع أوجه التشابه بينهما. و أخيرا قدمت ملخصا لاهم النتائج التي توصل إليه البحث.


الكلمات المفتاحية: النفي، أزمنة الفعل، مورفيمات و أدوات النفي، مورفيمات الأزمنة، ألومورفات النفي.


## Abstract

A comparative study of negative in Kurdish language and English language tenses:

This study attempts to discuss and compare the negative status of the tenses in Kurdish and English languages. All the tenses rules, structures and the changes that occur to them are described and analyzed. These are done in three sections: the first section deals with the Kurdish tenses and the negative status of each tense separately in terms of concept and definition. Further, the changes that take place to each tense due to conversion to negation are well explained. Each tense's overall structures and changes are presented in specific tables alone. In the second section, each and very tense is detailed accompanied by providing necessary examples. The changes that occur to each tense because of converting it to negative are also presented. The third section is about comparing the tenses in Kurdish and English to highlight the intersecting and similar areas as well as manifesting the differences and divergence between the two languages' tenses. Finally, the study has reached some conclusions.


Keywords: negative, tenses, negation morpheme, time morpheme, negation allomorphs.